# پلورالیزم و توندوتیژی
# لە روانگەی هانا ئارنت -وە

**نووسینی: رامین جیهانبگلو**
**وەرگێڕانی: شێرکۆ سەردار**

لەگەڵ ئەوەی کە زیاد لە (٢٥) ساڵ بەسەر مەرگی هانا ئارنت تێئەپەڕێ، بیری ناوبراو هەروا بابەتی باس و گفتۆیە لە کۆڕە فەلسەفی و سیاسیەکان، دەستەیەک ئەو بەتوێژەر لە بواری فەلسەفە دەزانن ئەوانی دیکە ئارنت وەک بیرمەندێک ئەناسن کە لەگەڵ بیری سیاسیدا سەروکاری هەیە، شایەنی باسە کە هانا ئارنت خۆی لە دەستەواژەی «فەیلەسوفی سیاسی» سەبارەت بەخۆی دەپاراست، چونکە بەبۆچوونی ئەو لە نێوان کایەی فەلسەفەو کایەی سیاسەت جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە، ئارنت سەرتایی ئەم جیای و جیاوازیە لە دادگایی سوکرات و هەروەها فەلسەفەی ئەفلاتون لە رۆژئاوا دەزانێت بەگوتەی ئەو: (دەوڵەتە شاری ئەسینایی لە سەدەی پێنجەمی پێش زاین، بە بوارێکی

وتووێژی بەردەوام دەردەکەوت. لەبەر ئەمە ژیان و سیاسی بوون لە دەوڵەتە شاری (پۆڵس) بەم مانایە بوو کە لە سەرجەم مەسەلەی چارەنووساز بەباس و وتووێژ ئەنجامدەدرا، نەک (بەزۆرو توندوتیژی). بەدەربڕینێکی دیکە، لە دیدگای ئارنت، سیاسەت و وتووێژ لە دەوڵەتە شاری ئەسینا تەوەری سەرەکی پلورالیزمی سیاسی ئەنتولوژی پێکدەهێنا. چونکە ئامانجی سەرەکی فەلسەفە رونتر کردنەوەو شەفاف کردنی بیروڕای تاکەکان بوو. نەک هەوڵدان لە پێناوی ریشەیی کردنی حەقیقەتی رەهای ئەودیوی بیروڕاکان (Poxei). لەبەر ئەمەش، پێشنیاری سوکرات (میاونیک) یان هونەری لە دایکبوونی زەین، دەکرێت بەهەوڵێ بزانرێ لەڕێی پێشخستن و پایەدارکردنی وتووێژ لە بواری گشتی ئەسینایی سەدەی پێنجەمی پێش زایین. بەگوتەی ئارنت، ئەزموونی بیرکردنەوەی سوکراتیانە لە (جیهانێکی هاوبەش) بوونی ئەتمۆسفێرێکە کە تیایدا تواناو دەرفەتی بیرکردنەوەو دادوەری لە مەسەلە گشتییەکان دەبێتە هۆی بەردەوامی پلۆرالیزم لە پانتایی کۆمەلایەتی هۆشیاربوونەوەی هاولاتیان لە رۆڵی سیاسی کۆمەڵگا. بەتێڕوانینی ئەو لە دەوڵەتشاری ئەسینا، فەزایەکە، تیایدا هاولاتیانی ئەسینا (پیاوانی بالغی سەروی ١٨ ساڵ) ئازادی خۆیان تەجروبە دەکەن.

لەبەرئەمە ئارنت (پۆڵس) پارادیمی ژیانی سیاسی دەزانی لەم مەسەلەیە دەگاتە ئەوەی کە ئازادی ئامانجی نییە کە ئەودیوی ژیانی سیاسی لە قەڵەم رەوییەکاییەی تایبەتی قابیلی پێشنیارو جێبەجێکردن بێت. پێداگری ئارنت لە سەرجیایی بواری تایبەتی و بواری گشتی بەمەستی ئەم مەسەلەیە کە «لە دەرەوەی چوارچێوەی سیاسەت ژیانی مرۆڤ نەک تەنها ئەمنەو لە بەرانبەری توندوتیژی ئەوانی دیکە دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵکو بێماناو هەروەها بێڕیشەیە، بەم شێوەیە بواری گشتی سیاسی فەزایەکە کە لە چوارچێوەی ئەودا ئازادی تاکییەکەی تاکەکان

ئەدرەوشێتەوەکار و بەرهەمەکانی مرۆڤ مانا پەیدا دەکات. بەم پێیە، مانای ئەسڵی ژیانی مرۆڤ لە جیهانی هاوبەش دەردەکەوێ کە ئەو لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە تێدا شەریکە. ئارنت لەسەر ئەو بڕوایەیە کە خودی واقیعی مرۆڤەکان واقعییەتی خود لە عەشقی ئەوان بۆ ئەم رەوتە هاوبەشە دەبینێتەوە کە لەودیوی بەرژەوەندی شەخسی تاکەکان دەخرێتەڕوو. بۆیە لە دیدی ئەو هەموو جۆرە لە نەبوونی هاوبەشی لە جیهان جۆرێکە لە بەربەریەت. کە هومەر لە ئۆدیسە بە تایبەتمەندییەکانی سیکلوپەکانی دەزانێ. کە لە دەرەوەی شار دەژین و گوزەران دەکەن. بەقسەی ئەرستۆ: «مرۆڤێ کە ئامادەی ژیان لەنێو کۆمەڵ نییە، یان نیازێکی بەژیان لە کۆمەڵ نییە لەبەرئەوەی خۆ بژێوە، یان ئاژەڵێکی وەحشیە یان خوایە». بەم پێیە ئەوەی کە هاوڵاتیان لە یەک نزیک دەکاتەوە بوونی خودێکی گشتیە کە لە بنەمای وەک شەرف (honour)، شانازی (glory)، خەسڵەت (excellence)دا کورت دەبێتەوە. ئارنت بنەمای ئەم ئسولانە لە ئازادی هەڵبژاردنی کردەی سیاسی دەزانێ، چونکە مرۆڤ بۆ گەیشتن بەمرۆڤ بوونی خۆی دەچێتە نێو قەڵەم رەوی سیاسەت، نەک بۆ دەسکەوتی ئەو بەرژەوەندیانەی کە لە بواری تایبەتدا هەن، بەڵکو لەوێوە کە ئارنت سیاسەت بەجۆرێک لە داهێنانی مرۆی دەزانی، ئازادی مرۆڤ نەک لە قەڵەم رەوی سروشت، بەڵکو لە قەڵەم رەوی زەیندا قابیلی خستنەڕووە. سیاسیەت وەک دەرکەوتەیەکی دیکەی مرۆیی دەستکەوتێکە کە مرۆڤ بەکرداری خۆی بەسروشتی هەڵیدەگرێ، کە ئەمە خۆی نیشانەی خەیری سروشتی بوونی سیاسەت و ئاستی شۆکەکەیەتی. هەربۆیە ئارنت مەرگ بەدر غەیری سیاسیترین ئەزموونی مرۆیی لە قەڵەم دەدات، چونکە مەرگ پێش هەموو شتێ شێوەیەکە لە (نادیاربوون). بەڵام کەسیەتی واقیعی و تایبەتی کەسێکی تەنها لە حزووری ئەوانی دیکەو لە دیدی ئەوان دەردەکەوێ بەدەربڕینێکی دیکە، مرۆڤی تایبەت تاکێکی سروشتییە کە دوور لە واقیعەت دەژی،

چونکە لە حـزووری ئەوانی دیکە بەدیارناکـەوێ لەم رووەوە ئارنت بواری گـشـتی بەتاکە سـەرچاوەی واقعیەت بەمرۆڤەکان دەناسـێنێ کەواتە بەقسـەی ئەو مرۆڤ ئازادبوون دەبێ رۆڵی هاوڵاتی لە چوارچێوەی بواری گشتی ئەنجامبدات بەم پێیە کرداری سـیاسی لە قەڵەم رەوی گـشـتی دیاریکەری مانای ئازادی مرۆڤە. پنتی دەستپێکی تیۆری بڕیاری گشتی هانا ئارنت چەمکی بلۆرالیزمە. مەبەستی ئارنت لە پلورالیزم ئەمەیە کە بواری گشـتی شـوێنی ژیان و بەرخـوردی رۆژانەی سـەرجـەم مرۆڤەکانە نەک بەتەنیا مرۆڤی تەنیا. کەواتە پلورالیزمی مرۆیی لە قەڵەمرەوێکدا دەردەکەوێ کە مرۆڤەکان تیایدا لە رێگەی کردەی جەمعی خودی ئازادی خۆیان بەدەسـتی دەهێنن. بەم شـێـوەیە ئارنت بەپێـچەوانەی ترادیسـیونیک لە فەلسـەفەی رۆژئاوا ئازادی بەمـەقـولەیەکی دەروونی زەینی تەفـسـیـر دەکا، ئەو بەخـودان بە ماهیەتی سیاسی دەزانێ. گومانی تێدا نییە کە ئارنت بەم شێوە تێڕوانینەوە لەگەڵ بونایەتی سـەدەی پێنجـەمی پێش زاین ئەسـاسی زیاتر نزیکی هەیە تا لەگـەڵ سیاسیەتی مۆدێرن کە بە گوتەی بنجامین کۆنستان، ئازاری مۆدێرن (یانی راکردن لە سـیاسـەت و سـەرنج لە بەرژەوەندی تایبەت) لەسـەر ئازاری کۆن باڵایی هەیە. ئامانجی ئارنت دیتنەوەی مانای لە دەستەچووی سیاسەت لە دینای مۆدێرنە، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دوو رێگە دەگرێتە بەر: سـەرەتا توێژینەوە لە دەوڵەتە شـاری ئەسینا، پارادایمی کردەی ئازاری سیاریزم و پاشان لێکۆڵینەوە لە بارەی بەرانبەری ریشـەیی (ئانتی تیز)ی مۆدێرنی ئەو، یانی توتالیتاریزم کە ئاوابوونی سیاسـەت و ئازادیە، لەراسـتـیـدا پەیوەست بوون و سـەرنجی روو لە دیاری ئارنت لە چەمکی ئازادی و مەسـەلەی ئاوابوونی لە دنیای مۆدێرن لەبەر ئەزموونی شـەخسی ئەوە لە توتالیتاریزمی نازی. توێژینەوەی ئارنت لە توتالیتاریزم لێکۆڵینەوەی مێژووی نییە، بەڵکو بەگوتەی خـودی خـۆی لە کتـێبی (سـەرچاوەی توتالیـتـاریزم)! (شـروڤـەو

راڤەیەکە، کە کەڵکی لە ئەزموونی بەلشڤیزم و نازیزم وەرگرتووە».

کەواتە بەهەمان شێوە کە پۆلس ئەسینایی پارادایمی ئازادی سیاسیە، توتالیتاریزمیش دەرخەری مەرگی ئازادی، پایەداری ئایدولۆژییەو، خوێنخۆریی ئەو پەیوەست بەتوندوتیژیە. ئارنت، توتالیتاریزم بەقەڵەم رەوی «درۆیەک» دەزانێ کە گشتیگر بووە، یانی دۆخێکە تیادا مرۆڤەکان قایل نین بەجیاوازی نێوان درۆو حەقیقەت و نێوان خەون و واقیعیەت، توتالیتاریزمی دیسیۆن (استبداد)ی عەقلانیەتێکە لە رێگەیەوە سیاسەتی فۆبیاو وەحشیەت هەوڵئەدا پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ جیهان پێوەندی نێوان مرۆڤەکان بخاتە ژێر دەسەلات و کاریگەری خۆیەوە. سەرەرای ئەمە، توتالیتاریزم مرۆڤەکان لە یەکتر جیادەکاتەوەو تەنیایان دەکات. بەم شێوەیە تاک لە کۆمەڵگای توتالیتار بزربووە تەنیایە، چونکە دەنگێ بۆ بێدارکردنەوەی ویژدانی نوستوی مرۆڤەکان بوونی نییە، لەوەها سیستەمێکا واژەو چەمکەکان لەهەر جۆرە ماناو ناورۆکێک بەتاڵن. چونکە پلورالیزمی بواری گشتی جێگەی خۆی بەتەنیایی ئینفرادی و دواجار بە لە دەستدانی جیهان دەدات. ئەم تەنیایە بەبڕوای ئارنت گرنگترین رەگەزی توتالیتاریزمی، پنتی کۆتایی ئەزموونی مرۆڤ لە ژینگەی کۆمەلایەتی چواردەوری خۆیەتی ئەم ئەزموونە بەگوتەی ئارنت شێوەی واقیعی خۆی لەگەڵ ئامادەیی تاک لە قەڵەمڕەوی پلورالیزمی سیاسەت دەبینێتەوە، دۆخی ئایدۆلۆژی توتالیتاریزم دەگۆڕێ بۆ جۆری رواڵەتگەرایی بازاڕی و بێکەڵک، کە نموونە بەرجەستەکەی دەکرێ لە کەسایەتی ئایشمەن تێبینی بکەین.

ئارنت دەڵێ: بێکەڵکی ئایشمەن لە ترسناک بردنی کرداری ئەو نییە، لە «بێ فیکری» و «رواڵەت گەرایی» کۆمیدیانەی کەسایەتی ئەوە. ئایشمەن خۆی بەدیل و کۆیلەی بونیادی بیروکراتێکی رژێمی نازی دەبینێ و قەتل و عامی هەزاران یەهودی لە ئوردوگاکانی مەرگ بەدەلیلی فەرمانبەرداری و پەیڕەوی خۆی لە فەرمانەکان

دەزانی. بەبڕوای ئارنت، ئایشـمـەن مـرۆڤێکی بێـهـوودەو بێکەڵکە کـە وەک تاکێکی کۆیلەی ئایدۆلۆژی، راسـتـەوخـۆ هـێـزی جیاکاری و دادوەری لە دەست داوە توانایی بەرقـەراری پـەیوەندی لەگـەڵ مـرۆڤـەکـانـی دیکە نـیـیـە. بەدەربڕینێکی دیکە ئارنت، ئایشـمـەن بەکەسێکی نـەخۆشی دەروونی نازانـێ کە چێژ وەردەگرێ لە ناردنی تاکە بێتاوانەکان بۆ ژووری غازو کیمیاوییەکان. بەڵکو بڕوای وایـە کە ئایشـمـەن مرۆڤێکە هیچ جۆرە توانایەکی ئەخلاقی نییەو توانایی جیاکاری لە نێوان باش و خراپ نییە. ئایشمـەن نموونەیەکی واقیعی دایشی سێیـەمە کە تاقـانە جۆری پێوەندی سیاسی و کـۆمـەڵایەتی بـەهـەمـان پێـوەندی لـە نێـوان پێـشـوودا (puhrr) جـەمـاوەر دەبینـێ. لە ئەنجامگیری ئارنت لە کەسایەتی ئایشمـەن و دیاردەیەک کە ئەو بە «بێکەڵکی شەڕ» ناوی دەنێ. ئەمـەیە رژێمـی توتالیـتـار مـاهییـەتی واقیـعی بواری گشـتی و جیـاوازی بنەڕەتـی ئەو لەگـەڵ قـەڵـەمڕەوی تـایبـەتی ئاڵۆز دەکـاو بواری سـیـاسـی دەسـتکردی (تصنـعی)و دروسـتکراوی دەکـاتە ئەلتـەرنـاتیـڤی ئەو، بـەم شـێـوەیە بواری گـشـتی دەستکردی توتالیتـاریزم نەک تەنیا بزوێنەری مرۆڤایەتی مەدەنیـەتی تاک نییە، بەڵکو هـەمـوو جـۆرە ئەخـلاق و رۆحیـەتێکی مرۆیی لە نێویدا بەرەو نـابووتی و وێرانی دەبا، لەبەر ئـەمـەش بابـەتی سـەرەکی بیری سـیـاسـی ئارنت ئەخـلاقی کـۆمـەڵایەتیـیـە کـە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی و دیموکراتی نێوان هـاوڵاتیان دەستەبەردەکا.

ئامانجی کردەو کرداری سیاسییە. لەراستیدا مافی سوود وەرگرتن لە قەڵەم رەوی سیاسـەتە بە دەستی ئایدۆلۆژی توتالیـتاری وەک نازیزم ئاوەها یەکگرتنێکی سیاسی لە نێـو دەبا. ویەکگرتنـێکی درۆزنانە دەخـاتە شـوێـنی ئەو. ئارنت دەڵـێ: گـەورەترین هـەڵەی ئەڵمـانیـەکـان و ئەوانی دیکە ئەمـەبوو کە نازیزمـیـان وەک سیاسـەتی ئاسـایی رۆژانە لـە جـۆری رادیکاڵ سـەیر دەکـرد. لەکـاتێکدا کـە سـیـاسـەت لە پێناسـە ئارنتیەکەی – قـەڵەمرەوێکە کە مرۆڤەکان لە کەناری یەکتری دەتوانن دەستیان بگات

بەمانای واقیعی ژیان، بگەن بەبالاترین پلە لە تاکایەتی مرۆیی. ئارنت ئەم گوتەیەی پریکلس کە: «ئێمە نالێین ئەو کەسەی کە کاری بە سیاسەت نییە خەریکی کاری خۆیەتی، دەڵێت وەها کەسێک لە نێو ئێمەدا ئەسڵەن کارێکی نییە» و توسیدیدس مێژوونووسی یۆنانی ئەم گوتەیەی ئەو لە کتێبی شەڕی پلوپونز هێناوە، ئەو بەنموونەی دروست واقیعی چالاکی سیاسی دەزانێ. وەها سیاسەتی لە دیدگای ئارنت هیچ جۆرە توندوتیژی و بێ کەڵکی و شەڕێکی تیا نییە. نەفی توندوتیژی لە پانتایی سیاسەت لای ئارنت هەوڵێکە بۆ بەدیهێنانی نموونەی دەوڵەت شاری مۆدێرن کە بەردی بناغەی لەسەر چەمکی توندوتیژی نەبێت. ئارنت لەسەر ئەم خاڵە لەگەڵ بیرو تێڕوانینە سیاسیەکانی بیرمەندانی وەک میکاڤیلی، مارکس و سارتەر کە هەر کامەیان بەشێوەیەک توندوتیژی بۆ بەدیهێنانی زانیوەو هاوئاهەنگ نییە، ئەم هەوڵە لە بیری ئارنت بەجیاکاریەک کە لە نێوان سێ چەمکی «توندوتیژی» و «دەسەڵات» و «زۆر» بەرقەرار دەکات. هاوڕایە. بەتێڕوانینی هانا ئارنت پایەداری و پتەوی بونیادی سیاسی رەسەن و پلورالیزم لەسەر رەگەز گەلی وەک زۆرو توندوتیژی بونیاد نانرێ، بەڵکو هاوبەشی راستەوخۆی هاوڵاتیان لەسەر مەسەلەکانی کۆمەڵگاو رێککەوتنی ئازادانەی ئەوان بونیاد دەنرێ. ماهیەتی ئەم رێککەوتنە بە «دەسەڵات» ناوزەد دەکات بەگوتەیی ناوبراو: «دەسەڵات بریتییە لە توانای مرۆڤ بۆ رێککەوتن لە کردەدا» هەر لەبەر ئەمەش دەسەڵات هی هیچ کەس نییە، بەڵکو بەرهەمی کرداری گروپێ لە مرۆڤەکانە. کەواتە دیسپورت دەسەڵات نییە، چونکە لەناوبەری سیاسەتە، لەناوبردنی سیاسەت واتە کۆتایی هاتنی کردەی ئازادانەی مرۆڤەکانە. بەدەربڕینێکی دیکە، ستەمکار کەسێکە کە دوورو جیا لە هاوڵاتیان ژیان بەسەر دەبات. لەبەر ئەمەش دیسپورت دەبێتە رێگر لە پێشکەوتنی دەسەڵات هەروەها گەورەترین هەڵەی. شۆڕشەکان ئەوەبووە کە سودیان لە توندوتیژی وەرگرتووە بۆ

وەدیهێنانی دەسەڵات. لەبەرئەوەی کە دەسەڵات لە ماهیەتێکی سیاسی بەهرەمەندە، بەڵام توندوتیژی و زۆرداری ماهیەتێکی سیاسی نییە، ئامرازگەلێکن بۆ کردەی جۆرێ لە سیاسەت کە لە لەگەڵ هەموو جۆرە ئازادی و پلورالیزمێک لە جەنگ و ململانێدایە. بەم شێوەیە ئارنت بڕوای وایە کە توندوتیژی بەدیهێنەری دەسەڵات نییە، پێچەوانە و وێرانکەریەتی توندوتیژی بەپێچەوانەی گوتارو کردە بەشوێن بەدیهێنانی پردێکی پەیوەندیەوەیە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا. لەم رووەوە توندوتیژی ماهیەتی تاکەکەسی هەیە، لەکاتێکدا کە دەسەڵات پێکهاتووە لە ماهیەتی کۆمەڵایەتی، کەواتە توندوتیژی کاتێک دەگاتە مەیدانی دەرکەوتن کە دەسەڵاتی لە مەترسیدابێ. بەمانایەکی دیکە، دەسەڵات بەدیهێنەری قەڵەمڕەوی سیاسەتە.

لەکاتێکدا کە توندوتیژی سیاسی ئامرازێکە بۆ رێگەگرتن لە هاتنی هاوڵاتیان بۆ بواری سیاسەت. سەر ئەنجام هانا ئارنت لەم باسەدا وەها ئەنجام گیری دەکات کە توندوتیژی رەگەزێکە دەبێ لە بنەماو بونیادی قەڵەمڕەوی سیاسەت جیاکرێتەوە. بەم شێوەیە بەدەوڵەتەشاری (پۆڵس) چوارچێوەیەکی سیاسی لەسەر پایەی توندوتیژی و گۆڕینەوەی بیروڕای نێوان هاوڵاتیان دێتە ئاراوە. پۆڵس بوارێکە کە تیایدا ئەسەرێک لە بێکەڵکی (ابتذال) شەڕو توندوتیژی نییە. ئارنت لێرەدا لەگەڵ والتر بونیامین هاوبڕوایە کە توندوتیژی هەردەم پەیامە ئەخلاقیەکان بەناچاری هەڵئەگرێ، یانێ هەمیشە بەدوای ئاراستەی چوونی خۆیەتی. توندوتیژی کۆتایی دوو جیهانی هاوبەش لە نێوان هاوڵاتیانە. کۆتایی جیهانی هاوبەش بەمانای دوایی هاتنی کردەو دادوەری هاوڵاتیانە چونکە لەو شوێنەی کە دەسەڵاتی دادوەری لە هاوڵاتیان دەسەنرێت، کردەی سیاسی بێکرۆک و ناوەڕۆک دەبێت، لە ئەنجامدا ئازادیش بواری گشتی بەجێیدەهێنێ. لەم رووەوە بەگوتەی ئارنت، ئایدۆلۆژیا سیاسیەکانی توتالیتار بەوێرانکردنی هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەک، ئیدی شوێنێ بۆ رەسەنی

بیرناهێڵێتەوە. نەبوونی بوونی بیرێک ئیدی ئایدۆلۆژی حاکم بەبێدەنگی سستی و جیاواز نەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگا بەمەسەلەکانی سیاسەت دەگات. بەپێچەوانەوە پلورالیزم فیکرو سیاسەتی مرۆڤەکان لە یەکتر دەکاتەوە. مرۆڤ بەتوندوتیژی و گۆڕینەوەی بیرورا پەی دەبەن بەشایستەی پلورالیزمی خۆیان لە بەدیهێنانی چوارچێوەی سیاسی و لە بەرپرسیاریەتی خۆیان لە بەرانبەر ئەو پێکهاتانەی کە لەسەرچاوەکەیدا هەن بەدروستی ئاگادار دەبن. ئەم قبوڵکردنی بەرپرسیاریەتیەی خودە بەرهەمی عەقڵی دروستی مرۆڤەکانە، بەڵام عەقڵی دروست تەنها بەدەست نایەت، چونکە بەهرەی داوەری سیاسیەو بەگوتەی ئارنت، داوەری سیاسی مەسەلەیەکی سروشتی نییە، بەڵکو دەستکەوتی کردەی سیاسی هاوڵاتیانە لە بوارێکی گشتی. ئارنت هەروەها هاوڵاتیەکی هۆشیار لە بابەت سیاسەت، بیری سیاسی خۆی لەسەر بناغەی میتۆدێ دادەنێ کە فرەی مرۆڤەکان میحوەری سەرەکیەتی. پلورالیزم کە لەم رستە بەناوبانگەی هانا ئارنت کورت دەبێتەوە: (مرۆڤەکان و نەک مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی دەژین و دانیشتوی جیهانن)

**سەرچاوە:**

**تفاوت و تساهل – رامین جهانبگلو – نشر مرکز – چاپ دوم ١٣٨٣ تهران.**